# جەژنی شەوی بەرات
# لە کۆمەڵی کوردەواریدا

محەمەد مەردان



شەوی بەرات، یەکێکە لە جەژنە جوانەکانی نەتەوەی کورد، بە پێی تێکستی بەیتەکان، مێژووی سەرهەڵدانی ئەگەڕێتەوە بۆ پێش زەردەشت و میدییەکان، بەڵگەش بۆ ئەمە (کاوەی ئاسنگەر)، کە لە نەوەی پێشدادیەکانە، نهێنی شەوی ڕاپەڕینەکەی دژی (زوحاک)، (هەتەرێ و مەتەرێ) بووە، چونکە لەو شەوە پیرۆزەدا منداڵان وەکو ئێستا لەدوای نانخواردنی ئێوارە بە ماڵاندا گەڕاون و لە کڵاو ڕۆژنەی سەربانی ماڵەکانەوە بە گوریس، یاخود بە پەت (کیسە، یا سەبەتە) یان شۆڕکردۆتە خوارەوە و هەموو دەمیان ناوە بە کڵاو ڕۆژنەکەوە و بە ئاوازو ڕیتمێکی خۆش گوتویانە:

هەتەرێ و مەتەرێ

شتێکمان بۆ بخەنە ناو چەپەرێ [١]

پێشدادیەکان ئەم بۆنە پیرۆزەیان قۆستۆتەوە و کاتو ساتی ڕاپەڕینەکەی دژی زوحاکیان بە خەڵکەکە ڕاگەیاندووە.

هەروەها بە پێی ئەم تێکستە:

سەری ساڵێ، بنی ساڵێ
خودێ پێببڵێت مەزنی ماڵێ
نەورۆزانە بۆ منداڵێ

بەرات وابەستەی شەوی نەورۆز بووبێت و لەم شەوەدا منداڵان بە ماڵاندا گەڕابێتن.

بەڵام من وای بۆ ئەچم، جەژنی بەرات لە یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسانی ڕۆژهەڵاتیدا بووبێت، کە سەری ساڵی ئێزدییەکان ئەکات، پاشان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە شەوی بەراتدا گەورەو بچووکی ئێزدییەکان نانوون تاکو بەیانی لە دەرەوە ئەبن و چاوەڕوانی هاتنی (تاوس مەلەک) ئەکەن، ئەویش لە شێوەی باڵدارێکدا، کە ناوی (ئەنقر- سیمرخ) ئەبێ، دێتەوە ناویان و لەگەڵ خۆیاندا ئاو ئەهێنێ و دەست بە ئاوپرژێن ئەکات، لەوکاتەدا هەر کەسێ تکە ئاوێکی بەربکەوێت خواست و ئاواتەکانی دێتە دیو ئەوساڵە بەخۆشی بەسەر ئەبات.

ئەو کچانەی شوویان نەکردبێت لە ئێوارەی شەوی بەراتەوە تاکو بەیانی هەڵدەپەڕن، یا ڕەدووی پیاوان دەکەون، حاڵەتی ڕەدوو کەوتن لەناو ئێزدییەکاندا لەشەوی بەراتدا زۆرە.

*- وابەستە بوونی جەژنی بەرات بە ساڵی کۆچییەوە:

مێژووی پەیڕەوکردنی جەژنی بەرات، لەدوای کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی ساسانییەکان و لاوازبوونی ئایینی زەردەشتی لەسەری ساڵی کوردی و یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسانی ڕۆژهەڵاتی ئێزدییەکانەوە گوازراوەتەوە بۆ ناو ساڵی کۆچی و هەموو شەوی (١٥/١٤ی شەعبان)ی هەموو ساڵێکەوە یاد ئەکرێتەوە و لەو کاتەوە بووە بە جەژنێکی گەڕۆک و (١٥) ڕۆژ پێش هاتنی مانگی ڕەمەزان دەستپێدەکات.

مێژووی ئاوێتە بوونی شەوی بەرات بە ساڵی کۆچی ئیسلامەوە، ئێزدییەکان ئەیگەڕێننەوە بۆ خەوبینینەکەی (شێخ حەسەن)ی باوە گەورەی شێخانی ئێزدی، کە بەنەهێنی چووە بۆ لای محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ). بۆ بەیانی داوای لە شێخەکانی خۆی کردووە نوێژ بۆ گیانی محەمەد بکەن. ئەمە بووە بەسەرەتایەک بۆ چوونە ناو ساڵی کۆچییەوە.

هەروەها (بەشی دیراساتی شەرعییە)، کە لە کۆمەڵێ داناو زانای ئیسلام پێکهاتووە، ئەڵێن: بۆ یەکەمجار وابەستە بوونی شەوی بەرات بە ئایینی ئیسلامەوە مێژووەکەی ئەگێڕنەوە بۆ ساڵی (٤٤٨)ی کۆچی لە بەیت لموقەدەسدا پەیڕەو کراوە.[٢]

لەدوای ئەو ساڵەوە زۆربەی زانایانی ئیسلام هەوڵی ئەوە ئەدەن ئەو ڕاستییە بۆ شوێن کەوتووانی ئیسلام ڕوون بکەنەوە، کە شەوی بەرات نە لە دوورو نە لە نزیکەوە پەیوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە نییەو نابێت پەیڕەو بکرێ.

هەر لەو ڕوانگەیەوە( بەشی دیراساتی شەرعییە) ئەڵێت: (وەزیدی کوڕی ئەسلەم) ئەڵێت: (کەسمان نەبینیوە لە پێشەوایانمان و زانایانمان گوێیان دابێت بەشەوی ( البراوە) و لایان گەورەتر بووبێت لە شەوانیتر).

دیسان (ئیبن ولقەیم)یش، سەبارەت بە شەوی بەرات گوتویەتی: (یەکێک لەو نیشانانەی کە فەرموودەی هەڵبەستراوی پێدەناسرێت ئەو فەرموودانەن کە لەسەر نوێژی پازدەی شەعبان هاتوون) [٣].

هەندێ دیدو بۆچوونی جیاواز لەو باوەڕەدان، کە قورئانی پیرۆز لە شەوی بەراتدا هاتبێتە خوارەوە، بەشی دیراسات ئەم بۆچوونەش ڕەتئەکاتەوە و ئەڵێت: (ئیمامی ئیبن عەرەبی مالیکی و جەماوەری زانایان

له تەفسیری (انا انزلناه فی لیله مبارکه)، لەسەر ئەوەن، کە ئەو شەوە شەوی قەدرە، وە هەندێکیان دەڵێن شەوی پازدەی شەعبانە، ئەوە ڕاست نییە و (باطل)ـە، وەلەبارەی شەوی پازدەی شەعبانەوە فەرموودەیەک نییە پشتی پێببەسترێت نە لە بارەی گەورەییەوە، وە نە لەبارەی سڕینەوەی ئەو شتانەی تەقدیرکراون، کەواتە گوێی پێ مەدەن) [٤].

هەر لە درێژەی بەشی دیراساتی شەرعییەدا نووسراوە: ئیمامی (ابن کثیر) و شافعیش لە ڕاڤەی هەمان ئایەتدا دەفەرمووێت: (خوای گەورە ئاگاداری کردوین، کە قورئانی پیرۆزی لە شەوێکی موبارەکدا دابەزاندووە، کە شەوی قەدرە و لە مانگی ڕەمەزاندایە، وە هەر کەسێک بڵێت ئەوشەوە شەوی پازدەی شەعبانە، وەک لەعیکریمەوە ڕیوایەت کراوە ئەوە ڕاستی نەپێکاوە)[٥].

گومانی تیا نییە قورئان لە مانگی ڕەمەزاندا و لە شەوی قەدرا، کە لە بەینی شەوە تاکەکانی (٢١ تا ٢٩) ی مانگی ڕەمەزان ئەکات هاتوتە خوارەوە. وەکو دراساتی شەرعییە ئەڵێت: نە لە دوور و نە لە نزیکەوە هیچ پەیوەندییەکی بەشەوی بەراتەوە نییە، چونکە جەژنی بەرات (١٥) شەو لە پێش مانگی ڕەمەزانەوەیە، ئەویش لە تەواو بوونی خولی چوار وەرزی ساڵو دەسپێکردنی وەرزی تازەدا لە ساڵی کۆچیدا کاتەکان جێ گۆڕکێیان پێکراوە، شەوی بەراتیش بەر ئەو گۆڕانکارییە کەوتووە و شوێنی ڕاستەقینەی دیاریکراوی خۆی ونکردووە.

کەواتە سەرچاوەی پەیدابوونی جەژنی بەرات ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی کەلە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کردووەو لەسەردەمی ماددەکان، کە بەشێکبوون لە نەتەوەی کورد زیاتر بایەخ بەم جەژنە دراوە.

لەسەدەی حەوتەمی پێش میلادەوە لە ڕۆژانی جەژنەکانیاندا وەک:

( لە جەژنی سەری ساڵیاندا، لە جەژنەکانی گەڕانەوەی بەهار و هاوینیاندا، لە جەژنەکانی نۆبەرەی سەوزی و میوە و پێگەیشتنی دەغڵو دانیاندا، لە جەژنی پاڕانەوە بۆ باران لە پاییزدا، وە بۆ ڕزگار بوون لە بێبارانی و نەبوونیی و نەخۆشی و پاڕانەوە بۆ منداڵبوون و نەمردن، دوور بوون لە دوژمنی داگیرکەر، سەر ئەکەوتنە تەوقەسەری پیرە مەگروون و قوربانییان پێشکەش ئەکرد)[٦].

*- یادکردنەوەی شەوی بەرات لە باشووری کوردستاندا:

شەوی بەرات ڕەگێکی قووڵی لەناو کولتووری هند و ئاری نەژادەکاندا هەیە، ساڵانە لە کاتی دیاریکراودا یادی ئەکەنەوە، نەتەوەی کوردیش یەکێکە لە نەتەوەی هندو ئاری نەژادەکان و ساڵانە یادی ئەکاتەوەو بڕوایان وایە لەشەوی بەراتدا فریشتە دائەبەزێتە سەر زەوی بۆ دیاریکردنی ڕزقو سەر لەنوێ دیاریکردنی ڕۆژی ژیان و مردنی مرۆڤەکان، بۆیە بەڕۆحێکی پاکەوە پێشوازی لەشەوی بەرات ئەکەن و لەخوا ئەپاڕێنەوە تەمەنیان درێژ بکات و ڕزقیان بدات.

پەیڕەوکردنی شەوی بەرات لە باشووری کوردستاندا هەتاکو ئێستا لای ئێزدییەکان و دەوروبەری شاری سلێمانیدا وەکو خۆی ماوەتەوە و ساڵانە بەجوانی پێشوازی لە یادکردنەوەی ئەکرێت، وەلێ لە شارو شارۆچکەکانی دیکەی باشوور، جگە لە خوانی ئێوارە هیچ شتێکی کەی بۆ ناکرێت.

*- شەوی بەرات لە کولتووری ئێزدییەکاندا:

بۆنەو یادە شیرینەکانی نەتەوەکەمان، هەنووکە لەناو کولتووری ئێزدییەکاندا ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووەو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە.

ئێزدییەکان جگە لە چەند جەژنێکی لاوەکی (٩) جەژنی سەرەکییان هەیە، کە یەکێک لەو جەژنانە (جەژنی

شەڤبەرات)ـە[٧] . ئەویش سالآنە بە شێوازێکی جوان پێشوازی لێدەکەن، لەم شەوەدا ئێزدییەکان ئەچن بۆ (ئەشکەوتی بەرات)[٨]، کە شوێنێکی زۆر پیرۆزە، خۆڵی لێدێنن‌و بە ئاوی (کانی سپی)[٩] ئەیگرنەوە و ئەیکەن بەقوڕ، پاشان وەکو هەڵمات خڕی دەکەن و وشکی ئەکەنەوە بەو قوڕە وشککراوەیە ئەوترێ (بەرات)[١٠].

(کانی سپی)، لای ئێزدییەکان زۆر مەزن و پیرۆزە، بەهەوێنی لالشی دائەنێن و لالشیش بە هەوێنی دروستبوونی گۆی زەوی دائەنێن.

ئەڵێن لەکاتی لافاوە مەزنەکەدا هەرچی ئاو هەیە پیسو ڕەشو ناشرین بووە، بەتەنیا ئاوی کانی سپی نەبێ، وەکو خۆی ماوەتەوەو لیڵ و پیس نەبووە، بۆیە قوڕی بەراتەکە بەئاوی سپی ئەگرنەوە.

لەهەموو ماڵێکی ئێزدییەکاندا ئەم بەراتە هەیەو خستویانەتە ناوبوخچەو لە جێگەیەکی بەرزدا هەڵیئەواسن، لە ئاوەز و هزری ئێزدییەکاندا واباوە بە هەڵگرتنی ئەم بەراتە خوا لەشەڕو کوشتن و کارەساتی ناخۆش ئەیانپارێزێ.

هەروەها لەکاتی ڕۆژی حەجی لالشدا پێشکەش بە حاجیەکان ئەکرێت، وە بۆ گەلێ مەبەستی پیرۆز بەکاری ئەهێنن، لەوانە: ئەگەر ناکۆکی لە نێوان دوو عەشیرەت، یاخود دوو بنەماڵەی ئێزدییدا هەبێت... تەنانەت لە یەکتریشیان کوشتبێت، ئەگەر کەسێکی ئایینی، یان کەسێکیتر ئەگەر (بەرات)ی بەدەستەوە بێت، بکەوێتە نێوانیان و ناوبژییان بکات، ئیتر کۆتایی بەشەڕ دێنن و داوای بەخشین لە یکتری ئەکەن، هەرکەسێ لەناو ئێزدییەکاندا کۆچی دوایی بکات، لەو بەراتە ئەخەنە ناو دەمو لوتو دەستەکانییەوە.

ئێزدییەکان لەشەوی بەراتدا ناخەون، هەتاکو بەیانی خەریکی گۆرانی و هەڵپەرکێ و گێڕانەوەی چیرۆک و قسەی نەستەق و نەزیلە گێڕانەوە ئەبن، هەر کەسێکیش بۆ بەیانییەکەی نەنوێت، خێرەکەی بەدوو قات بۆ ئەنووسرێت.

لەم شەوەدا حەیوان سەر دەبڕن و بەسەر ماڵە هەژارەکاندا ئەیبەخشنەوە، پیاوە (ئایینییەکان)[١١] لە ئێوارەوە هەتا بەیانی (قەولو قەسیدە)ی ئایینی ئێزدی لە دیوەخان و شوێنە پیرۆزەکاندا ئەگێڕن و (مدح و پناو)ی خوای گەورە ئەکەن، (قەواڵە)[١٢] کانیش لەم ئاهەنگی شەوی بەراتەدا بە (تەراتیلی) [١٣] ئایینی و دەفـو شمشاڵ بەشداریئەکەن و شایی ئەگێڕن، کە شێوە هەڵپەڕینێکی ئایینییە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو ئەبێ هەمووشیان پێخاوسبن، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت (ژنو مێرد)، یاخود (کچو کوڕ)ی حەز لە یەککردو، واتە: دڵدار لە دەستی یەکترییەوە هەڵپەڕن، چونکە بەوە دەبنە خوشکوبرا.

هەر لە شەوی بەراتدا لەناو ئێزدییەکاندا، جۆرە دابونەریتێکی دیکە هەیە، ئەویش هەر کەسێک (نێر یامێ) بێت، ئەگەر بیانەوێت لە (دنیای ئاخیرەت)دا ببن بە خوشکوبرای یەکتری، ئەوە دێنن بەراتێ لەو بەراتە خڕانە ئەخەنە ناو جامێ ئاوەوە و هەردووکیان بە ئاهەنگ گێڕان لەو ئاوە ئەخۆنەوە، ئیتر بەمە ئەبنە خوشکوبرای ئاخیرەت [١٤].

لەکاتی نانخواردنی ئێوارەی شەوی بەراتدا شەرمکردن نییە، هەموو ماڵەکانیش چەرەسات و میوە دائەنێن. هەر لەشەوی بەراتدا گەنجەکان بۆ خۆشی ئەچن ( پەلەوەر)ی ماڵان ئەبەن و پێکەوە ئەیخۆن، ئەم شێوە بردنەش حەرام نییە، بۆ بەیانی خاوەن پەلەوەرەکە لەو جۆرە بردنە ئاگادار ئەکرێتەوە [١٥].

*- یادکردنەوەی شەوی بەرات لە شاری سلێمانیدا:

دانیشتوانی شاری سلێمانی لەسەرەتای دروستبوونییەوە سۆزێکی جوانی نەتەوەییانەیان بۆ ڕاگرتنی بۆنەو یادە شیرینەکان هەبووە، پێشەنگیش بوون بۆ زیندووکردنەوەی بۆنەو یادە نەتەوەییەکان.

جەژنی شەوی بەراتیش، یەکێکە لە شەوە جوانەکانی نەتەوەکەمان، کە سالآنە لە کات و ساتی خۆیدا یادی ئەکەنەوە، ئەویش چەند ڕۆژێک بەر لەهاتنی ئەم جەژنە دانیشتوانی شاری سلێمانی و دەوروبەری

هەموو پێویستیەکانی جەژن ئامادە ئەکەن، بۆ ئێوارە خواردنێکی باش لیئەنێن، ئەڵێن: هەر کەسێک لەم ئێوارەدا تێر نەخوات، ئەوە بەدرێژایی ساڵەکە برسی ئەبێت و ڕزقی سوار ئەبێت. ئەمە وایکردووە بە شێوازێکی جوان پێشوازی لەم جەژنە پیرۆزە بکەن، چونکە بڕوایان وایە: هەر لەم شەوەدا چۆنییەتی بەڕێکردنی ژیان و کوژانەوەی چرای تەمەنی مرۆڤ و دابەشکردنی ڕزقی ساڵێکیتر دیاریئەکرێت[١٦].

لەم شەوە پیرۆزەدا ماڵەکان بە پێی توانای خۆیان دوای نانخواردنی ئێوارە سینییەکی مسی گەورە بە شتومەکی خورادن ئەڕازێننەوە و جاران خەڵوزیان لە مەقاڵیدا ئەگەشانەوەو ئێستا مۆم دائەگیرسێنن، پیرۆزی ئەم ئاگر کردنەوەیەش ئەگەڕێتەوە بۆ پیرۆزی ئەو ئاگرەی زەردەشتیەکان، کە( ٢٤) سەعات لە پەرستگاکانیاندا ئەگڕاو هەموو بە دیارییەوە دائەنیشتن. لە هەندێ ماڵدا داری عود دائەگیرسێنن و بە شوێنە بەرزەکانەوە دایان ئەناو دەستیانئەکرد بە سڵاوات و دوعا خوێندن و بۆ بەیانیش بەڕۆژو ئەبوون، ئەم نەریتە بۆ دوای هاتنی ئایینی ئیسلام ئەگەڕێتەوە.

لەهەمانکاتدا گوێزەبانەی (مێوژ، گوێز، باسوق، سجوق، نۆکی برژاو) یان ئەخستە ناو تورەکەیەکی خامەوەو جامولکەیەکی بچووکی تێئەخراو ئامادە ئەکرا بۆ ئەو منداڵانەی کەوا بە ماڵاندا ئەگەڕان.

ئیتر لەدوای نوێژی شێوانەوە، دەستە دەستە منداڵان دەست بە گەڕانی ماڵەکان ئەکەن. زۆر جار سنووری گەڕەکەکانی خۆیان ئەبەزێنن و ئەچن بۆ گەڕەکەکانیتر. لەبەردەم ماڵەکاندا هەموو پێکەوە ئەم تێکستە ئەڵێن:

شەوە شەوی بەراتێ
خوا دوو کوڕو کچێکتان باتێ
سفرە بێنە جەماتێ
دەس لە کەنوان بگێڕن
بەشی منداڵان بنێرن[١٧]

لە دوو توێی ناوەخنی بەیتی تێکستەکەدا، داوا لە یەزدان کراوە، کە (دوو کوڕو کچێک) بدات بەماڵەکە. وای بۆ ئەچم مێژووی ئەم تێکستە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەردەشتیەکان، چونکە لە هەموو ماڵێکی زەردەشتیەکاندا (وەجاخ) یان هەبووە، وەجاخیش ئەو جێگەیە کە ئاگری تیا خۆشئەکرێ، دیارە ئەمەش زیاتر بە ڕەگەزی نێر خۆشکراوە، بۆیە داوای دوو کوڕیان کردووە بۆ ماڵەکە.

هەتاکو هەمیشە ئاگری ناو وەجاخیان بگرێت و نەکوژێتەوە، ئاگریش لە ئایینی زەردەشتیەکاندا زۆر پیرۆزە، تەنانەت بە چاوی خۆر یان داناوە[١٨].

بەزمەساتی گەڕانی منداڵان تاکو کاتێکی درەنگ وەخت لەناو شاری سلێمانیدا بەردەوام ئەبێت. وەلێ لە گوند و ئاوایییەکانی سەر بە شاری سلێمانی گەڕانی منداڵان بەجۆرێکیتر ئەچێت بەڕێوە، کە لە پرۆسەی شار جیاواز ترە، ئەویش لە جیاتی حەوشە بە سەربانەکاندا ئەگەڕێن و هەموو دەم بە کلاوڕۆژنەکاندا ئەنێن و تێکستەکە ئەڵێنەوە، خاوەن ماڵەکانیش ئەو شتانەی کە هەیانە بۆیان ئەخەنە ناو ئەو شتەی کەلە کولانچکەکەوە شۆڕیان کردۆتە خوارەوە، دوای هەڵکێشان و تەواوکردنی هەموو ماڵەکان پاشان لە شوێنێکدا دائەنیشن و ئەوەی کۆیان کردۆتەوە لە بەینی خۆیاندا دابەشی ئەکەن[١٩].

*- بەرات لە فەرهەنگو کولتووری کوردیدا:

مامۆستا (شیخ محەمەد) لە فەرهەنگی خاڵدا ئەڵێت: (بەرات، مووچەیەکی ساڵانەیە، کە گەورە دەیبرێتەوە بۆ بچووک، یان شتێکە، کە بەبەرات دەدرێ)[٢٠].

مامۆستا هەژاریش ئەڵێ: (بەرات، مزی وەرزی ڕەنجبەر، یان ڕزق و ڕۆژوو بەشکردنە) [٢١]. بە پێی ئەم

سەرچاوانە (بەرات) مانای بەخشیش ئەگەیەنێت.

ئاخێزگەی ڕەگی مێژووی ئەم جەژنە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (هندو ئاری) نەژادەکان. نەتەوەی کوردیش، بەشێکە لە هند و ئارییەکان. بۆیە لای ئەم نەتەوانە ساڵانە یاد ئەکرێتەوە.

لە دوتوێی بەیتە فۆلکلۆرییە کوردیەکانیشدا گووتراوە:

نیوەی مانگی شابانێ، شەوی جێژنێ بەراتێ
لەخوای دەکەم تەڵەبێ بەشکو جوانێم داتێ

لە دوای هاتنی لەشکری ئیسلام و نەمانی ساسانییەکان، جەژنی بەرات تێکەڵ بە مانگی شەعبان ئەکرێت. ئەم هۆنراوە فۆلکلۆرییەش لەدوای ئەو تێکەڵبونەوە وتراوە، ئەویش ئاشقێک، کە هەتاکو سەر ئێسقان شەیداو ئالودەی خۆشەویستەکەی بووە. لەو شەوەدا، کە نزاو پاڕانەوەی تیا گیرا دەبێت، ئەو ئاشقە لە باتی داواکردنی هەموو پێداویستیەکانی ژیان و تەمەندرێژی، داوا لە یەزدان دەکات بە مرازی دڵی خۆی بگەیەنێت و بەخۆشەویستەکەی بگات.

هەر لەو دیدگایەوە (مەدهۆش)ی شاعیریش، هەمان ئایدیاو تێڕوانینی بۆ خۆشەویستەکەی هەبووەو چۆتە بەر دەرگەی خۆشەویستەکەی‌و بەدیداری شادبووە، کە لە ساڵی ١٩٦٣دا هۆنراوەیەکی جوانی بۆ جەژنی بەرات داناوە.

لەسەرەتای ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی بەسەرپەرشتی هونەرمەند (شەوکەت ڕەشید) بەدەنگی هونەرمەند (عوسمان عەلی) لە ئیزگەی بەغا ئەم هۆنراوە جوانەیان تۆمار کرد.

ئەو شەو شەوی بەراتە
شەوی خۆشی و خەڵاتە
وامنداڵان ئەگەڕێن
دەس بەدەرگاوە ئەنێن
منیش هاتوومە دەرگات
تا بەرم کەوێ بەرات
ئەمشەو شەوی بەراتە
شەوی خۆشی‌و خەڵاتە
بەراتی من جیایە
نەفلس‌و نەخورمایە
لەباتی فلس‌و عانە
سەیرێکی ئەو چاوانە
لەباتی دەنکە نوقوڵ
زەردەخەنەی لێوی گوڵ
تۆش دڵی من مەشکێنە
وەرە دەرێ بمدوێنە
بەو دەست‌و پەنجە جوانە
یەک نامەی بچکۆلانە
بنووسە لە پەناوە

گەر ڕێ نەبوو بیهاوە
بۆ ئەم دڵە بێ کەسە
بەرات هەر ئەوەم بەسە
وەک یاسین هەڵی ئەگرم
ئەیخوێنمەوە تا ئەمرم
بەو خێرە لای کردگار
دوعام ئەکەوێتە کار
ئەوەندەی تر جوان ئەبێ
ڕوو سووری جیهان ئەبێ
ئەمشەو شەوی بەراتە
شەوی خۆشیو خەڵاتە(٢٢)

(ئاغا محەمەد ئاکرەیی)ش، وەکو یارییەکی فۆلکلۆریی لە دەڤەری بادینان‌دا ئاماژە بە شەوی بەرات ئەکات و ئەڵێ منداڵان بە ماڵاندا دەگەڕێن و هەموو پێکەوە ئەڵێن:

شەڤا بەراتێ
وەتێ و وەتێ
خودێ کوڕەکی بدەتێ
دگەل مە بێیە داواتێ (٢٣)

شاری سلێمانی بەو تەمەنە کورتەی کە هەیەتی، شوێن و پێگەی پاراستنی بۆنەو یادە شیرینەکانی نەتەوەکەمان بووەو لە زۆر کاتیشدا پێشەنگی ئەفراندن و داهێنانەکان بووە.

یادکردنەوەی شەوی بەراتیش لەسەرەتای دروستبوونییەوە تاکو ئێستا ساڵانە یادیان کردۆتەوە. زۆر جاریش بەهۆی نەهێشتنی دەسەڵاتدارانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی داگیرکەرانەوە وەکو پێویست نەتوانراوە یادەکان بەرجەستە بکرێن، یاخود هەوڵدراوە لە مێژووی نەتەوەکەماندا بیانسڕنەوە.

لە ئێستاشدا پارتو ڕێکخراوە ئیسلامییە کوردییەکانی خۆشمان بایەخ بەم جەژنە پیرۆزە نادەن، بەڵکو لەبیرو هزرو ئاوەزی خەڵکیدا کاڵی دەکەنەوەو داوا لە ئەندام و لایەنگرانو هەوادارانی خۆیان دەکەن بایەخی پێنەدەن و پێیان ئەڵێن لە قورئاندا جەژنێک نییە بەناوی بەراتەوە، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش هۆکاری لاواز بوونی هەست و سۆزی نەتەوایەتی ئەو پارتو کەسانە دەخاتە ڕوو، کە دین ئەخەنە پێش نەتەوەکەیانەوە، ئەمە لە کاتێکدا (فارس، تورک و عەرەب) لە ڕێگەی بەکارهێنانی دینەوە دەوڵەتیان بۆ خۆیان دروستکردووە.

جاران شاری سلێمانی وەکو ئێستا گەورەو فراوان نەبووە، زۆربەی دانیشتوانی گەڕەکەکان یەکتریان ناسیوە. زۆر جار کوڕە گەنجەکان یاخود پیاوەکان بۆخۆشی و پیرۆزی ئەم شەوە موبارەکە بە ماڵە دراوسێکانی خۆیاندا گەڕاون.

ئەڵێن جارێک لە شەوی بەراتدا مامۆستا( بێکەس)ی شاعیرو (مەلا سوورە)، کە یەکێک بووە لە قسە خۆشەکانی شاری سلێمانی.. لەو شەوەدا پارەی عارەقیان پێنابێت، پێکەوە چوونەتە بەر دەرگەی ماڵی (حاجی برایم ئاغا) و پێکەوە گووتویانە:

شەوی شەوی بەراتێ
خوا دوو کوڕو کچێکتان باتێ

دوو ئەفەنی ڕێک و پێک

هاتوین بۆ پارەی دوو پێک [٢٤]

حاجی برایم ئاغایش دوای پێشوازییەکی جوان (٥) دیناری ئەو سەردەمەیان ئەداتێ.

ئەمەش لەخۆیدا پیشاندانی هەست و سۆزی خۆشەویستی دراوسێکان بووە بەرانبەر بە پیرۆزی شەوی بەرات.

بەپێی ئەو بەدوادا چوون و سەرچاوانەی دەستمکەوتوون، یادکردنەوەی شەوی جەژنی بەرات وەکو ئاماژەم پێکرد بە زۆری لە شاری سلێمانی و ئێزدییەکاندا یاد ئەکرێتەوەو کەمتر لە شوێنەکانیتری کوردستاندا بەدی کراوە یادیان کردبێتەوە.

شاری هەولێر، کە کۆنترین شاری کوردستانە بەدینەکراوە یادکردنەوەی ئەم جەژنە پیرۆزەی تیا بەرجەستە کرابێت، هۆکەی بۆچی ئەگەڕێتەوە نازانم!!.

لەکاتی شەڕی ناوخۆی یەکێتی و پارتیدا ئەوانەی سەربەو دوو حیزبە بوون شارەکانی خۆیان بەجێهێشتبوو لەو شوێنانەدا نیشتەجێببوون، کە دەسەڵاتی حیزبەکەیانی تیا باڵا دەستبووە. یەکێک لەو کەسانە (سامی هادی) شاعیر و نووسەر لە شاری سلێمانی نیشتەجێ ئەبێت. لەو کاتەیا شاری سلێمانی ئەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەم دوو هێزەوە، هەر جارەو یەکێکیان دەست بەسەر شاردا ئەگرن و لەدوایدا یەکێتی تیا ئەمێنێتەوەو دانیشتوانەکەی لە دڵەڕاوکێدا ژیان بەسەر ئەبەن.

لەشەوی بەراتدا کۆمەڵێ منداڵ ئەچنە بەردەم ماڵی (سامی هادی) و بەقایم ئەیەن لە دەرگا، ئەویش لە ژوورەوە گوێی لە دەنگە دەنگێکی زۆر ئەبێت.

ئەڵێ وابزانم چوار دەورمان گیراوە، بەرەو دەرگەی حەوشە ئەچێت و بە ئاگاییەوە دەرگەکە ئەکاتەوە، منداڵەکانیش هەموو پێکەوە ئەڵێن بەراتیکە. ئەویش بەسەر سامییەوە ئەڵێ: چیتان دەوێ: بەرات چیە؟!

دراوسێکەیان پێی ئەڵێ: بەراتیان ئەوێ! ئەویش ئەڵێ بەرات چییە. ئەڵێ جەژنە دەبێ (نوقوڵ، خورما، یان پارە) یان بدەیتێ. ئەڵێ زۆر باشە بەڕاستی وامزانی گیراین، ئەمە ئاسانە بەڕاستی شتی وا لە هەولێردا نییە.

شەوی بەرات لە هەندێ ناوچەو شارەکانی کوردستاندا وەکو شاری سلێمانی منداڵان بە ماڵاندا ناگەڕێن، بەڵکو گواستویانەتەوە بۆ ناو مزگەوتەکان و دوعا و موناجاتی بۆ ئەخوێنن و دەستی نزا و پاڕانەوە بۆ یەزدان درێژ دەکەن و داوای ئیمان و ڕزق و تەمەندرێژی لێئەکەن.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین لە تێڕوانینی باوەڕی کۆنی کوردەواریدا گوتراوە: هەرچی لە ئێوارەی شەوی جەژنی بەراتدا تێر نەخوات ئەوە بەدرێژایی ساڵی داهاتوو برسی و بەخیل و چاو لە ماڵی خەڵکی ئەبێت.

***- سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


١- سدیق بۆرەکەیی، گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە (٢-٣) لاپەڕە (٢٦)، ١٣٦٩.

٢-ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە (٤٦) شەممە ٢٠٠٢/١٠/١٩.

٣- هەمان سەرچاوە.

٤- شەوی بەرات ش(١٥) ی شەعبان، لێکۆڵینەوەیەکی بەشی دیراساتی شەرعییە، ڕۆژنامەی کۆمەڵ، کورتی کردۆتەوەو لە لاپەڕە (٧)ی ژمارە (٤٦)ی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١٠/١٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

٥- تفسير القرآن العظيم لابن كثير ١٤٨/٤.

٦- تۆفیق وەهبی، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (٨) لاپەڕە (٢) ١٩ی نیسانی ١٩٥٨.

٧- خەلیل جندی، جەژنی یەزیدیەکان، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٠٢) ١٩٧٤/١/٢٥.

٨- ئەشکەوتی بەرات: کانگای شوێنی دەرهێنانی گڵی بەراتە، ئەویش گڵێکی سپی جوانە. ئەبێ هەر لەو شەوە پیرۆزەدا دەربهێنرێت، ئەویش بەزۆری ئەو کچ و کوڕانە بەم کارە هەڵدەستن، کە شویان نەکردبێت، یان ژنیان نەهێنابێت.

٩- سەرچاوەی ئاوی( کانی سپی)، لەدوای لافاوەکەی حەزرەتی (نوح)ەوە، تەقیوە، ئەڵێن: تلە بەردێکی گەورە ئاخێزگەی ئاوەکەی گرتووە، حەزرەتی نوح ئەو تلە بەردەی لە سەر لابردووە... پاشان ئاوێکی سازگار و خۆشی لێهەڵقوڵاوە، ئیدی لەوکاتەوە ناونراوە (کانی سپی)، هەروەها لە کاتو سەردەمی (شێخادی)یشدا (شێخ ئەحمەدی ڕوفاعی)، میوانی شێخادی ئەبێت...

داوای (پەرچو) نواندنی لێدەکات. شێخادیش لەناو ئەشکەوتەکەدا گۆچانەکەی داوە بە زەویدا و گووتویەتی: (افتح یا زم، زم). ئینجا لەو کاتەوە ئاوی زم، زم لەو ئەشکەوتەوە دێتە دەرەوە.

١٠- (سەمیرە حەمەد بابەکر ڕەواندوزی)، ئەڵێت: لەسەردەمی کۆندا گەورە و بچووکی دانیشتوانی ڕەواندوزوو دەورووبەری بۆ ئاشکرا بوونی چۆنییەتی دابەشکردنی بەشە ڕزقی خۆیان لە شەوی بەراتدا چوون بەردی خڕی بچووکیان کۆکردۆتەوەو لە کاتی نووستنی شەوێدا هەر کەسەو بەردێکی لە ژێر سەرینەکەی خۆی داناوە. بەیانی، کەلە خەو هەستاون خێرا سەری بالیفەکانی خۆیان هەڵداوەتەوە.. لە ژێر بەردی هەرکەسێکا گیانەوەری بچووکی لە ژێردا بوایە، ئەو کەسە سەری بە ڕزق بووە.

بێگومان دوای ئەزمونێکی زۆر بۆیان ڕوونبۆتەوە، کەئەو جانەوەرانەش تەنها لە ژێر سەرینی یەک کەسدا کۆدەبونەوە، نەشبینراوە لە ژێر دوو سەریندا بەدی بکرێن.

١١- (شێخ، پیر، فەقیر، کۆچەک)، هەریەک لەمانە پلەو پایەی تایبەتی خۆیان لەناو ئێزدییەکاندا هەیە.

١٢- قەواڵە: تیپی ئایینی تاوس گێڕانن، ئەویش هەموو ساڵێک دووجار تاوس بەسەر گوندەکانی ئێزدیەکاندا دەگێڕن. دانیشتوانی گوندەکانیش پارەیان ئەدەنێ و ئەمانیش ئەیهێننەوە بۆ خەزێنەی میر.

١٣- تەراتیل: یان تەرتیلە، جۆرە سرووودێکی ئایینی ئێزدییەکانە.

١٤- ئاخیرەت: مەبەست لە کۆتایی هاتنی دنیا و سەر لە نوێ زیندوبوونەوەی ئەو دنیایە، کە ئادەمیزادی تیا هەق و حساب ئەکرێت، جا کچ و کوڕ لەو دنیا بەم مەڕاسیمە دەبن بە خوشک و برای یەکتر.

١٥- بۆ ئەم نووسینە کەڵکێکی زۆرم لە برای ئاخیرەتم (خەیری شەنگالی) وەرگرتووە.

١٦- بە پێی ئەو بەدوادا چوون و سەرچاوانەی دەستمکەوتوون، یادکردنەوەی جەژنی شەوی بەرات، تەنها لەشاری سلێمانی و لای ئێزدییەکاندا یاد ئەکرێتەوەو کەمتر لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا بەدیئەکرێت.

١٧- کەنوو: کەرەستەیەکی بەرمیل ئاسایە و لە گڵ دروستکراوەو سوورکراوەتەوەو لە دواییشدا بەتەنەکە دروستئەکرا بۆ زەخیرە هەڵگرتن، بەزۆری گەنم و جۆی شۆراوەو چەڵتووک بەکارهێنراوە، وەکو تەنوور لە خوارەوە گولێنەی هەبووە بۆ دەرهێنانی دانەوێڵە، سەرەکەشی سینی مس یان پنەو دەرخۆنەیان ئەخستە سەر کەنووەکە.

١٨- ئێستاش لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەر ماڵێک کوڕی نەبێت ئەڵێن ئەوە وەجاخی کوێرە، مەبەست لەوەیە کەس نییە ئاگرەکەیان بۆ خۆشبکات، دیارە ئەم نەریتە لە زەردەشتیەکانەوە ماوەتەوە.

١٩- موحسینی قزڵجی، سەبارەت بە جەژنی بەرات ئەڵێت: چەندین ساڵ پێش ئێستە لە شاری بۆکان

یادی جەژنی بەرات کراوەتەوە، بە پێی قسەکانی قزڵجی لەوێش منداڵان بەسەربانی ماڵەکاندا گەڕاون و دەمیان بە کولانچکەی ماڵەکانەوە ناوەو هەموو بەیەک دەنگ وتویانە:

هەلاوەو مەلاوە
کوڕتان ببێ بە زاوا
شتێکمان بۆ بخەنە ناو تاوا

ئەوانیش هەرچییەکیان لەبەر دەستا بووبێت بۆیان خستۆتە ناو ئەو شتەی، کە شۆڕیان کردۆتە خوارەوە.

٢٠- فەرهەنگی خاڵ، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی دووەم، لاپەڕە (٤٢) هەولێر ٢٠٠٥.

٢١- هەنبانە بۆرینە، هەژار، لاپەڕە (٧٠) چاپی یەکەم تاران ١٣٦٨.

٢٢- حەمە عەلی مەدهۆش، یانەی دڵان، لاپەڕە( ١٢٥) بەغدا – ١٩٨٢.

٢٣- ئاغا محەمەد ئاکرەیی، دوو یارێیت فۆلکلۆری کوردینە ل دەڤەرە بەهدینا، لاپەڕە (١١٤) گۆڤاری کەلەپووری کورد، ژمارە (٥) ئەیلوولی ١٩٩٤.

٢٤- لە بەهەشتی (خاڵە حەمە فەرج) وەرگیراوە، کەسەرپەرشتیاری ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان بوو.

